# ڕاوێژکاری لەسەر پێشنیاری داخستنی قوتابخانەی سەرەتایی کاسۆلیکی سانت دۆمینیك

**تێروانینێکی گشتی**

ئێمە ڕاوێژتان پێدەکەین سەبارەت بە پێشنیارێك بۆ داخستنی قوتابخانەی سەرەتایی کاسۆلیکی سانت دۆمینیك لە ڕێکەوتی 31 ی ئۆگەستی 2025. ئەمە یەکەم قۆناغە لە پرۆسەیەکدا کە دەبێت پەیڕەوی لێ بکەین کە ڕەنگە ببێتە هۆی داخستنی قوتابخانەکە.

لەم ساڵانەی دواییدا ژمارەی منداڵانی تەمەنی سەرەتایی لە هاکنی، و لە زۆر لە ناوچەی لەندەن، دابەزیوە. وا بیر دەکرێتەوە کە هۆکارەکانی پشت ئەم کارە بریتی بن لە دابەزینی ڕێژەی لەدایکبوون، نەبوونی خانووی گونجاو بۆ خێزانەکان، هەروەها برێگزیت Brexit و پەتای ئەم دواییە واتا کۆڤید. دابەزینی ژمارەی منداڵان، کە بووەتە هۆی زیادبوونی ژمارەیەکی زۆری شوێنی قوتابخانەکان و کەمبوونەوەی بودجەی حکومەتی ناوەندی، بەو مانایە بووە کە قوتابخانەکانمان ڕووبەڕووی ئاستەنگی سەخت بوونەتەوە.

لە ساڵی 2014دا 2846 منداڵ لە شاری هاکنی دەستیان بە خوێندنی سەرەتایی کردووە. تا مانگی مەی 2024 ئەم ژمارەیە بۆ 2203 منداڵ دابەزیبوو کە لە قۆناغی پێشوازی Reception بوون - کە بە ڕێژەی 23% کەمیکردووە. ئەمەش 577 شوێنی قۆناغی پێشوازی Reception بە بەتاڵی هێشتەوە (مانگی مەی 2024) - کە هاوتایە لەگەڵ 19 پۆلی چۆڵ.

قوتابخانەکان بۆ هەر منداڵێك کە لە لیستەکەیاندایە پارە لە حکومەت وەردەگرن. تێچووی ساڵانەی هەر شوێنێکی قوتابخانە کە پڕنەکراوەتەوە نزیکەی 6000 پاوەندە. لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی شوێنە پڕنەکراوەکان لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی هاکنی، ئەوان لە ژێر فشاری دارایی زیاتردان. لەگەڵ کەمبوونەوەی بودجە، زۆر لە قوتابخانەکان بە سەختی کاردەکەن بە شێوەیەکی کاریگەر یان چالاکییەکانی دەوڵەمەندکردن وەك گەشت و سەردانی دەرەوەی مەنهەج، یانەکانی دوای قوتابخانە و پاڵەوانێتییەکان بۆ منداڵان دابین بکەن. ئەنجومەن واتا کاونسڵ ناتوانێت لە ڕووی داراییەوە پشتگیری ئەو قوتابخانانە بکات کە بەردەوام نین، و دەبێت بەردەوام بێت لە بڕیاردانی قورس بۆ دڵنیابوون لەوەی قوتابخانەکانمان گونجاون بۆ داهاتوو، و بۆ پاراستنی ئەو پەروەردە کوالیتی بەرزەی کە هاکنی پێی ناسراوە.

لە دوایین ساڵی خوێندنی (2023/24) ناچار بووین بڕیاری سەختی داخستنی چوار قوتابخانەی سەرەتایی بدەین. لە مانگی جولای 2024 داخران. ئێمە ئەم بڕیارەماندا چونکە منداڵ زۆر کەم بوو بۆ ئەوەی بە کراوەیی بمێنێتەوە و قوتابخانەکان لە ڕووی داراییەوە بەردەوام بمێننەوە. لە کاتێکدا ئەم بڕیارانەماندا هەرگیز ئاسان نین، بەڵام ئێمە بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی هەموو منداڵان بە ئامانجی دروستکردنی سیستەمێکی قوتابخانەی بەهێزتر لە هاکنی. کاونسڵەکانی تری لەندەن ڕووبەڕووی ئاستەنگی هاوشێوە بوونەتەوە لە هەمان کاتدا بڕیاری قورس دەدەن بۆ داخستنی قوتابخانەکان و یەکخستنی قوتابخانەکان.

بەداخەوە سەرەڕای داخستنی پێشووتری قوتابخانەکان لە هاکنی، هێشتا شوێنی قوتابخانەکانمان بە شێوەیەکی بەرچاو زیاترە لەوەی کە منداڵمان هەیە بۆ پڕکردنەوەیان. لە ڕێکەوتی (17/92024) قوتابخانەکانی هاکنی 2125 منداڵی قۆناغی پێشوازی لە لیستدا بوون، بەڵام 2675 شوێنمان هەیە. ئەمەش بەو مانایەیە کە 550 شوێنی زیادە (21%) لە مانگی سێپتەمبەری ئەمساڵدا (2024) هەبووە، ئەمەش بووەتە هۆی بەردەوامبوونی ئاستەنگی دارایی بۆ قوتابخانەکانمان.

**بۆچی ڕاوێژتان پێدەکەین؟**

ئامانجمان دروستکردنی سیستەمێکی قوتابخانەی بەهێزترە کە هەموو منداڵێك دەستی بگات بە ئەزموونێکی خوێندنی فراوان و دەوڵەمەند. ئەوە تەنها کاتێك دەتوانرێت بەدەستبهێنرێت کە قوتابخانەکان بتوانن زۆرترین منداڵ لە چوارچێوەی ژمارەی وەرگرتنی پلان بۆ داڕێژراو (PAN)-یان وەربگرن و زۆرترین پارەی وەریدەگرن. بەداخەوە بۆ هەندێك لە

قوتابخانە سەرەتاییەکانی هاکنی، ژمارەی ئەو منداڵانەی کە دەخوێنن زۆر کەم دەمێنێتەوە و بووەتە هۆی کورتهێنانی دارایی لە هەندێك قوتابخانە کە کاونسڵ ناتوانێت بیپارێزێت.

ئەمە لە قوتابخانەی سەرەتایی کاسۆلیکی سانت دۆمینیك ڕوویداوە و ئێستا دەبێت داخستنی قوتابخانەکە لەبەرچاو بگرین. ئێمە ئەوەمان نەدەکرد ئەگەر پێمان وابوو بژاردەیەکی باشتر هەیە.

ئێستا دەمانەوێت گوێبیستی کۆمێنتەکانتان بین لەسەر پێشنیاری داخستنی قوتابخانەی سەرەتایی کاسۆلیکی سانت دۆمینیك (Ballance Rd, E9 5SR) لە 31ی ئۆگەستی 2025. ئێمە پێشوازی لەو بیرۆکە و/یان بژاردەی بەدیل دەکەین کە لەوانەیە هەتبێت سەبارەت بە داهاتووی قوتابخانەکە. زانیاری و پێشنیار و سەرنج و تێبینیەکانتان گرنگن لە یارمەتیدانمان بۆ زیاتر تێگەیشتن لەوەی قوتابخانەکە مانای چییە بۆ منداڵان، دایك و باوکان/چاودێران، ستاف و کۆمیونیتی ناوچەکە.

**قوتابخانەی سەرەتایی کاسۆلیکی سانت دۆمینیك Dominic's Catholic Primary School**
قوتابخانەی سانت دۆمینیکس قوتابخانەیەکی یەك فۆرمە، کە لەلایەن دەزگای ئۆفستێد (2023)ەوە بە ‘باش Good’ دادەنرێت. لە ساڵانی ڕابردوودا، قوتابخانەکە کاریگەری دابەزینی لیستەکانی لەسەر بووە و لە ئەنجامدا، لە ساڵی 2022، قوتابخانەکە ژمارەی وەرگرتنی پلان بۆ دانراوی وەرگرتنی لە دوو فۆڕمی وەرگرتن (60 قوتابی ساڵانە)، بۆ یەك فۆڕمی وەرگرتن لە ساڵێکدا کەمکردەوە (30 قوتابی ساڵانە).

لە قۆناغی پێشوازی Reception ساڵی ڕابردوودا، قوتابخانەکە 16 منداڵی لە لیستی چاوەڕوانی هەبوو لە کۆی 30 شوێنی ئەگەری، سەیری خشتەی 1 بکە.

**خشتەی 1 - ژمارەی لیستی پێشوازی 2023/24 (سەرژمێری مانگی مەی)**

| PAN (قۆناغی پێشوازی) | ژمارەی قوتابیانی ناو لیست (قۆناغی پێشوازی) | شوێنی زیادە | % زیادەی PAN |
|---|---|---|---|
| 30 | 16 | 14 | 47% |

لە مانگی مەی 2024، قوتابخانەکە 230 قوتابی لە قۆناغی پێشوازییەوە تا پۆلی 6 ناویان تۆمارکردبوو، لە کۆی 360 شوێنی ئەگەری وەك لە خوارەوە لە خشتەی 2 نیشان دراوە.

**خشتەی 2 - لیستی تەواوی قوتابخانەکان 2023/2024 (سەرژمێری مانگی مەی)**

| ژمارەی وەرگرتنی پلان بۆ دانراو (PAN) (تەواوی قوتابخانەکە) | ژمارەی قوتابیانی ناو لیستی (تەواوی قوتابخانەکە) | شوێنی زیادە | % زیادەی PAN |
|---|---|---|---|
| 360 | 230 | 130 | 36% |

تا ڕێکەوتی 17/9/2024 تەنها 23 منداڵ لە پۆلی پێشوازی ناویان تۆمارکردووە.

**بۆچی پێشنیاری داخستنی ئەم قوتابخانەیە دەکەین؟**

سەرەڕای ئەوەی کە قوتابخانەی سانت دۆمینیك لەلایەن دەزگای ئۆفستێد بە قوتابخانەیەکی 'باش' دادەنرێت، بەڵام لە ساڵانی ڕابردوودا تووشی دابەزینی لیستەکانی بووە. قوتابخانەکە لە باڵەخانەیەکدایە کە توانای وەرگرتنی 420 منداڵی هەیە، بەڵام تەنها توانای پڕکردنەوەی شوێنی پێویست بۆ قوتابخانەیەکی هەیە کە نیوەی ئەو قەبارەیە. ژمارەی قوتابیانی ناو لیستی قوتابیان بە ڕێژەی 18% کەمیکردووە، ئەمەش لە نێوان سەرژمێرییەکانی مانگی ئۆکتۆبەری 2021 و 2023.

دوای پێداچوونەوە بە دۆخی دارایی قوتابخانەکە و پلانەکانی بۆ بەردەوامیی داهاتوو، کاونسڵ پێی وایە قوتابخانەکە ناتوانرێت بپارێزرێت بەبێ ئەوەی کوالیتی خوێندن بۆ منداڵان بخرێتە مەترسییەوە، و کاریگەری نەرێنی لەسەر منداڵەکانی هەبێت کە بەرزترین ئاستی پێویستییان هەیە.

ئەگەری یەکگرتنەوە لەگەڵ قوتابخانەی سەرەتایی سانت سکۆلاستیکا (Kenninghall Road, E5 8BS) لەبەرچاو گیرا بەڵام مەودای نێوان قوتابخانەکان زۆر دوور لەبەرچاو گیرا. بۆیە پێویستە ڕاوێژکارییەك لەسەر پێشنیارێك بۆ داخستنی قوتابخانەکە دەست پێبکات.

**بۆ منداڵەکان چی دەگەیەنێت؟**

هەموو ئەو منداڵانەی کە لە ناو لیستەکەدا بوون لە قوتابخانەکانی ناوچەکەی ماڵەکەیان شوێنیان پێدەدرا. کاونسڵ پلانی هەیە لە نزیکەوە لەگەڵ کڵێسای ڕۆمانی کاسۆلیکی وێستمینستەر (RCDOW) کاربکات بۆ پشتگیریکردنی خێزانەکان بۆ گواستنەوە بۆ قوتابخانە کاسۆلیکییەکانی تر ئەگەر ئەوە ئارەزووی ئەوان بێت. نزیکترین قوتابخانە بەدیلەکانی ڕۆمانی کاسۆلیکی بریتین لە قوتابخانەی سەرەتایی کاسۆلیکی سانت ئەلیزابێس (Tower Hamlets) و قوتابخانەی سەرەتایی کاسۆلیکی سانت سکۆلاستیکا (هاکنی)، هەردووکیان نزیکەی 35 خولەك بە پێ لە سانت دۆمینیکەوە دوورن.

ئەو خێزانانەی کە منداڵیان هەیە کە پلانی خوێندن، تەندروستی و چاودێری (EHCP)-یان هەیە، ڕاستەوخۆ لەلایەن خزمەتگوزاری پێویستیەکانی خوێندنی تایبەتی کاونسڵەوە هاوکاری دەکرێن بۆ پشتگیریکردنیان لە ڕێگەی گواستنەوەکەدا، لەگەڵ ئەو خێزانانەی کە منداڵیان هەیە و پشتگیری پسپۆڕ وەردەگرن. ئەو داواکاریانەی پلانی خوێندن، تەندروستی و چاودێری EHCP کە لە پرۆسێسدان بەردەوام دەبن لە هەڵسەنگاندنیان بە پشتگیری ڕێکخەرانی پلانەکە.

خێزانەکانی ئەو قوتابیانەی کە پشتگیری بۆ پێویستیەکانی خوێندنی تایبەت و کەمئەندامی وەردەگرن، بەڵام کە پلانی خوێندن، تەندروستی و چاودێری EHCP یان نیە، ئامۆژگاری و ڕێنمایی وەردەگرن کاتێك بیر لە گۆڕانکاری لە دابینکردن یان شوێنەکاندا دەکەنەوە. ستافی پسپۆڕی دەسەڵاتی خۆجێی ئامادەن بۆ پێشکەشکردنی پشتگیری بۆ قوتابخانەکان.

ئێمە لە نزیکەوە لەگەڵ سەرکردەکانی قوتابخانە کاردەکەین بۆ ئەوەی دڵنیابین لەوەی هەستەکانی هەر منداڵێك بە شێوەیەکی دروست لەبەرچاو بگیرێت، گۆڕینی قوتابخانە تا ئەو جێگایەی کە دەکرێت بە ئاسانی و ئەرێنی بێت، کە دەرفەتەکانی دۆزینەوەی هاوڕێی نوێ و تاقیکردنەوەی چالاکییە جیاوازەکان جێگەی سەرنجە.

**ئەوە مانای چی دەبێت بۆ منداڵەکەم کە بەشێك بێت لە قوتابخانەیەکی جیاواز و ئەگەری گەورەتر؟**
ئێمە دەزانین کە بۆ هەندێك لە منداڵانی قوتابخانەی سانت دۆمینیکس، گواستنەوە بۆ قوتابخانەیەکی جیاواز و ئەگەری گەورەتر ڕەنگە قورس بێت. هەرچەندە قوتابخانە نوێیەکە هەست بە جیاوازی دەکات بۆ منداڵەکەت، بەڵام ئێمە دڵنیا دەبینەوە کە پشتگیرییەکی دروستیان دەستدەکەوێت بۆ ئەوەی بە خێرایی جێگیر ببن. ئێمە دەمانەوێت گوێمان لە دەنگی منداڵان بێت لەو بژاردانەی کە لەبەرچاو دەگیرێن بۆیە داوای یارمەتی لە قوتابخانە دەکەین بۆ کۆکردنەوەی بیرکردنەوە و هەستەکانیان.

**پرۆسەی وەرگرتن چۆن کاردەکات؟**
کارمەندێکی تایبەت بە وەرگرتن یارمەتیت دەدات لە زانیاری و پشتگیری بۆ پێشکەشکردنی داواکاری بۆ شوێنی قوتابخانەی بەدیل، بە لەبەرچاوگرتنی هەر کێشە و نیگەرانییەك کە هەتە. تۆ مافی ئەوەت هەیە لە هەر کاتێکدا داواکاری پێشکەش بکەیت بۆ قوتابخانەکانی تر و گواستنەوەی منداڵەکانت.

ئەگەر منداڵت هەیە کە پلانی خوێندن، تەندروستی و چاودێری (EHCP)ـت هەیە بە زووترین کات پەیوەندیت پێوە دەکرێت بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ دەربارەی ئەو قوتابخانە بەدیلانەی کە پێت باشە لە ئەگەری ئەوەی کاونسڵ بڕیار بدات لە مانگی ئەپریلی 2025 بۆ داخستنی قوتابخانەی سانت دۆمینیك. هێڵی کاتی بۆ بەدەستهێنانی داخستنی لە خشتەی خوارەوەدا نیشان دراوە کە پێی دەوترێت 'هێڵی کاتی'.

**مانای چی دەبێت بۆ ستاف و بەڕێوەبەری قوتابخانە؟**
داخستنی قوتابخانەی سانت دۆمینیك کاریگەری لەسەر هەموو ستافەکە دەبێت بە بەڕێوەبەری قوتابخانەشەوە. کاونسڵ پشتگیری هەموو کارمەندان دەکات بۆ ئەوەی متمانەیان هەبێت بۆ پێشکەشکردنی داواکاری بۆ دامەزراندنی نوێ. لەوانەیە دەرفەتی دووبارە جێگیرکردنەوە لە ناو کاونسڵ بۆ ئەو کارمەندانە لەبەردەستدا هەبێت کە بەهۆی دەرکردنەوە کاریگەرییان لەسەرە. ئەولەویەتمان ئەوەیە کە دڵنیا بین لەوەی کە ئەو کارمەندانەی کە لە مەترسی دوورخستنەوەدان بە تەواوی پشتگیری دەکرێن بە درێژایی ئەم گواستنەوەیە، هەروەك چۆن ئێمە پشتگیری منداڵ و خێزانەکانمان دەکەین. ئەمەش بەرنامەیەکی پشتگیری، ئامۆژگاری و چالاکیی ڕاهێنان لەخۆدەگرێت لەوانە دەستگەیشتن بە بەرنامەی یارمەتیدانی کارمەندانی کاونسڵ، پێشکەشکردنی ئامۆژگاری نهێنی و ڕاوێژکاری.

**ئایا هیچ گۆڕانکارییەك لە بینای قوتابخانەکەدا دەکرێت؟**
شوێنی قوتابخانەی سانت دۆمینیك بەشێکی خاوەندارێتی RCDOW و کاونسڵە. ئەگەر قوتابخانەکە دابخرێت، کاونسڵ و کڵێسا پێویستە بژاردەی بەدیل بۆ بەکارهێنانی شوێنەکە لە داهاتوودا لەبەرچاو بگرن.

**دواتر چی ڕوودەدات؟**
ئەم توێژینەوەیە بەشێکە لە ڕاوێژکاری گشتی شەش هەفتەیی سەبارەت بە پێشنیاری داخستنی قوتابخانەی کاسۆلیکی سانت دۆمینیك. ڕاوێژکارییەکە لە ڕۆژی 8 ی ئۆکتۆبەرەوە دەستپێکردووە و لە ڕێکەوتی 19ی ئۆکتۆبەری 2024 کاتژمێر 5 ی ئێوارە کۆتایی دێت.

کۆمەڵێك ڕێگە هەیە کە دەتوانیت وەڵامی ڕاوێژکارییەکە بدەیتەوە و ئەمانە لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا هاتووە.

کاونسڵ پێش بڕیاردان لەسەر بڵاوکردنەوەی ئەو پێشنیارانەی کە یاسا داوای کردووە، هەموو ئەو بۆچوونانە لەبەرچاو دەگرێت کە لەم ماوەی ڕاوێژکارییەدا خراوەتەڕوو. ئەگەر پێشنیارەکان بڵاوبکرێنەوە، ماوەیەکی تر بۆ سەرنجەکان دەبێت، کە پێی دەوترێت ماوەی نوێنەرایەتی. ئەمەش بۆ ماوەی 28 ڕۆژ دەخایەنێت. بڕیاری کۆتایی لەلایەن

ئەنجومەنی هاکنی لە وادەیەکی دواتردا دەدرێت. خشتەی کاتی ئەم پێشنیازە لە خشتەی خوارەوەدا نیشان دراوە (ڕەنگە بەروارەکان بگۆڕدرێن).

**خشتەی کات**

| بەروار | پێشهات |
|---|---|
| **8 ی ئۆکتۆبەر - 19ی ئۆکتۆبەری 2024** | ڕاوێژکاریی نافەرمی<br><br>بەروارەکانی کۆبوونەوەی دایك و باوکان/چاودێران و دەرفەتی بەشداریکردنی زیادە بە جیا لەلایەن قوتابخانەی سەرەتایی کاسۆلیکی سانت دۆمینیك تەئکید دەکرێتەوە.<br><br>زانیاری و پێشنیار و سەرنج و تێبینیەکانتان گرنگن لە یارمەتیدانمان بۆ زیاتر تێگەیشتن لەوەی قوتابخانەکە مانای چییە بۆ منداڵان، دایك و باوکان/چاودێران، ستاف و کۆمیونیتی ناوچەکە. |
| **مانگی جانیوەری 2025** | ئەنجامی ڕاوێژکاری نافەرمی لەلایەن حکومەتی خۆجێی هاکنی لەبەرچاو دەگیرێت. بڕیار دەدرێت کە ئایا ئاگادارییەکی یاسایی بۆ داخستنی قوتابخانەی سانت دۆمینیك بڵاودەکرێتەوە یان نا. |
| **مانگی فێبریوەری - مارچی 2025** | ئاگادارییەکی یاسایی بۆ ماوەی نوێنەرایەتی 4 هەفتەیی بڵاودەکرێتەوە |
| **مانگی ئەپریلی 2025** | دەرئەنجامی ماوەی نوێنەرایەتی و هەر ناڕەزایەتییەك لەلایەن حکومەتی خۆجێی تاوتوێ دەکرێت و بڕیاری کۆتایی لەسەر پێشنیاری داخستن دەدرێت. |
| **وەرزی هاوینەی 2025** | ڕێکخستنەکانی داخستنی قوتابخانەکان ئەنجام دەدرێن (بەپێی بڕیاری حکومەتی خۆجێی)، ئەگەر پێشنیارەکان پەسەند بکرێن. |
| **31ی ئۆگەستی 2025** | قوتابخانەی سەرەتایی کاسۆلیکی سانت دۆمینیك بە فەرمی دادەخرێت. |
| **مانگی سێپتەمبەری 2025** | قوتابیانی پێشووی قوتابخانەی سانت دۆمینیك لە قوتابخانە نوێیەکانیان دەست پێدەکەن. |

**چۆن بتوانم زانیاری زیاتر بەدەست بهێنم؟**

دەتوانن زیاتر دەربارەی ئەم پێشنیازە لە ماڵپەڕی پەروەردەی هاکنی بزانن لە bit.ly/school-proposals

**چۆن وەڵامی ئەم ڕاوێژکارییە بدەمەوە؟**

دەتوانن بۆچوونی خۆتان لەسەر ئەم پێشنیازە بەم شێوەیە بخەنەڕوو:

- پڕکردنەوەی فۆڕمی وەڵامدانەوەی هاوپێچ ئەم بەڵگەنامەی ڕاوێژکارییە، یان
- ئۆنلاین بە کلیك کردن لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە: bit.ly/school-proposal-consultation
- یان لە ڕێگەی سەردانی ئەم ماڵپەڕە consultation.hackney.gov.uk

ئەگەر ویستتان فۆڕمی وەڵامدانەوەی کاغەزی پڕبکەنەوە، تکایە بیدەن بە ئۆفیس لە قوتابخانەی سانت دۆمینیك، یان بڵاوی بکەنەوە بۆ:

Hackney Council
Education Services
School Place Planning
Hackney Service Centre, 3rd Floor
Hillman Street 1
London, E8 1DY

ڕۆژی داخستنی سەرنج و کۆمێنتەکان ڕۆژی **سێ شەمە، 19ی ئۆکتۆبەری 2024 کاتژمێر 5ی ئێوارەیە.**

ئەگەر هەر پرسیارێکتان هەیە سەبارەت بەم پێشنیازە، تکایە ئیمەیڵ بنێرن بۆ school.sufficiency@hackney.gov.uk

ئەگەر پێویستتان بەم بەڵگەنامەیە بە شێوازێکی جیاواز تکایە پەیوەندیمان پێوە بکەن و لە پێنج ڕۆژی کارکردنی داهاتوودا پەیوەندیتان پێوە دەکەینەوە.

لێدوانی دەستگەیشتن: ئەگەر پێویستت بەم بەڵگەنامەیە بە فۆرماتیکی جیاوازە، تکایە ئیمەیڵ بنێرە بۆ **school.sufficiency@hackney.gov.uk**

داواکارییەکەت لەبەرچاو دەگرین و لە پێنج ڕۆژی کارکردنی داهاتوودا پەیوەندیت پێوە دەکەینەوە.

**If you would like to find out what this document says please tick the appropriate box, put your name, address and phone number at the bottom of this page and return it to the address below.**

- ☐ এই দলিলে কি লেখা আছে সে সম্পর্কে যদি আপনি জানতে চান তাহলে অনুগ্রহ করে উপযুক্ত বাক্সে টিক্ দিন, এই পাতার নীচে আপনার নাম, ঠিকানা ও ফোন নম্বর লিখুন এবং এটি নীচের ঠিকানায় ফেরত পাঠান। (Bengali)
- ☐ 如果你想知道這分文件的詳細內容，請在方框內打鉤，在本頁下面寫下你的名字、地址和電話號碼並寄到下面的地址。(Chinese)
- ☐ Si vous désirez connaître le contenu de ce document, veuillez cocher la case appropriée et indiquer votre nom, adresse et numéro de téléphone au bas de cette page et la renvoyer à l'adresse indiquée ci-dessous. (French)
- ☐ Ger hun dixwazin bizanibin ku ev dokument çi dibêje, ji kerema xwe qutîka minasib işaret bikin, nav, navnîşan û hejmara telefona xwe li jêrê rûpel binivîsin û wê ji navnîşana jêrîn re bişînin. (Kurdish)
- ☐ Jeśli chcesz dowiedzieć się, jaka jest treść tego dokumentu, zaznacz odpowiednie pole, wpisz swoje nazwisko, adres I nr telefonu w dolnej części niniejszej strony I przeslij na poniższy adres. (Polish)
- ☐ Haddii aad jeclaan lahayd in aad ogaato waxa dokumeentigani sheegayo fadlan calaamadi godka ku haboon, ku qor magacaaga, cinwaanka iyo telefoon lambarkaaga boggan dhankiisa hoose ka dibna ku celi cinwaanka hoose. (Somali)
- ☐ Si desea saber de lo que trata este documento, marque la casilla correspondiente, escriba su nombre, dirección y numero de teléfono al final de esta página y envíela a la siguiente dirección. (Spanish)
- ☐ Bu dökümanda ne anlatıldığını öğrenmek istiyorsanız, lütfen uygun kutuyu işaretleyerek, adınızı, adresinizi ve telefon numaranızı bu sayfanın alt kısmına yazıp, aşağıdaki adrese gönderin. (Turkish)
- ☐ اگر آپ یہ جاننا چاھتے ھیں کہ دستاویز میں کیا لکھاھےتو ازراہ کرم مناسب باکس میں صحیح کا نشان لگائیےاوراپنا نام، پتہ اور فون نمبر اس صفحہ کے نیچےلکھئےاوراسے نیچے دیئے گئے پتہ پر واپس بھیج دیجئے– (Urdu)
- ☐ Nếu bạn muốn biết tài liệu này nói gì hãy đánh dấu vào hộp thích hợp, điền tên, địa chỉ và số điện thoại của bạn vào cuối trang này và gửi lại theo địa chỉ dưới đây. (Vietnamese)
- ☐ אויב ווילט איר וויסן וואָס דער דאָקומענט זאגט, ביטע טיק די פאסיגע קעסטל, שרייב דיין נאָמען, אַדרעס און טעלעפאָן נומער און שיק עס צוריק צו די אַדרעס אונטן. (Yiddish)

If you would like this document in any of the following formats or in another language not listed above, please complete and send the form to the address below. ☐ **In large print** ☐ **In Braille** ☐ **On disk** ☐ **On audio tape**

☐ **In another language, please state:** ____________________

Name: ____________________
Address: ____________________
Telephone: ____________________

Return to: **Freepost, LBH Consultation Team, Hackney Town Hall, Mare Street, London, E8 1EA**